www.kurdistannet.org 9-9-2002

# قەیرانی خوێنەری سیاسی

**بۆتان تەحسین**

لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی «دریم TV» لەگەڵ ئیبراهیم نافیعی سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلئەهرام دا، شەن و کەوی سروشتی ئەو بڵاوکراوانە کرا کە لەلایەن ئەم دامەزراوە رۆژنامەنووسیە دەردەچێت، ئاماژە بۆ بارگرانی بڵاوکراوەکانی تایبەت بە بابەت و پرسی سیاسی و نێودەوڵەتی کرا لەسەر دارایی دامەزراوەکەیان، کە بەبەراورد لەگەڵ بابەت و لایەنی تر خوێنەرێکی ئەوتۆو دەستکەوتێکی هێندەی نییە لە ئاست ماندووبوون و رووبەری تەرخانکراوی ئەو بابەتانە بێت، بەڵام ناشکرێت ئەو لایەنە بە بیانوی نەبوونی خوێنەر فەرامۆش بکرێت و چاوپۆشی کردن لە کەرەستەو بابەتی سیاسی بۆ کاری رۆژنامە دەبێت بە کەلێن.

قەیرانی خوێنەری بابەتی سیاسیش بەتەنیا دیاردەیەک نییەو تایبەت بێت بەوڵاتانی دواکەوتوو یانیش رۆژهەڵات، بەڵکو دیاردەکە تاراددەیەک دیاردەیەکی جیهانییە، لە وڵاتانی پێشکەوتووش کێبڕکێی فرۆشتنی رۆژنامەکانی تایبەت بە ریسواییە کۆمەڵایەتیەکان گەلێک لەسەرووی کێبڕکێی ئەو رۆژنامانەیە کە تەوەری سەرەکی بابەتەکانیان بریتین لە رۆژەڤی سیاسی و شرۆڤەی هەواڵ و ململانێیە نێودەوڵەتیەکان، بەپێی هەندێ ئاماریش بازنەی جەماوەری رۆژنامەی (**The Sun**)ی بەریتانی کە تایبەتە بە ریسواییەکان و شوێن کەوتنی گەندەڵی ئەخلاقی و سیاسی بژاردەی کۆمەڵگەی بەریتانیا گەلێک فراوانترە لە بازنەی جەماوەری رۆژنامەکانی دیکە کە پرس و بابەتی سیاسی بڵاودەکەنەوە..

وێڕای بوونی لێکچوونیش لەڕووی کەمی خوێنەری بابەتی سیاسی لەنێوان کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانیش بەڵام هۆکار و پاساوەکان بەشێوەیەکی زۆر زەق لە یەکتر جیاوازن، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هۆکارەکانی بۆ ئەو حاڵەتە لاموبالاتە سیاسیە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانە تیایدا دەژین، هەرچی لە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا، هۆکارەکەی نەبوونی کارلێکە لەنێوان دامەزراوەکانی تایبەت بەدەرکردنی بڕیاری سیاسی لەگەڵ ئەو نوسین و لێکدانەوانەی کە دەخرێنەڕوو، واتە بۆ پەراوێزبوونی توێژی رۆشنفکر و خوێندەوار و پسپۆر دەگەڕێتەوە لە ئالیەتی دەرکردنی بڕیارە چارەنوسسازەکاندا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە پێش وەختە شەهادەتی لاوازی بەسەر تەواوی ئەو نووسین و بڵاوکراوانە بدرێن کە هێشتا نەنووسراون یانیش نەخوێندراونەتەوە.

لە چەند مانگی رابردوودا لە سایەی فەراهەمبوونی زەمینەیەکی لەباری تەماس بەستن و دەستەبەری زانیاری کە بەهۆی ئینتەرنێت هاتۆتە ئارا، توانراوە بابەتی وەرگێڕدراوی ئەو خەڵکە بڵاو بکرێنەوە کە ئێستا پێشەنگی فیکر و تیۆری سیاسین و هەروەها راپۆرتی گەرماوگەرمی هەواڵنێران بە وەرگێڕدراوی لەزمانی سەرەکیەوە بخرێتەڕوو، کەچی هێشتا لاپەڕەکان بە بینینێکی لاواز سەیر دەکرێت، بۆ نموونە ئەمڕۆ فیدرالیەت تەوەری سەرەکی وتاری سیاسی کوردە، ئەو بابەتانەی کە لەسەر رووپەڕی لاپەڕەی رووداوەکانی رۆژ بڵاودەکرێنەوە لەنێوەڕۆکدا بابەتی زۆر هاوکات و گەرموگوڕی رۆژن، لە سەرچاوەی متمانەدار دەرهێنراون و خراونەتەڕوو، بەڵام وەک پێویست قسەی خێری بۆ نەکراوە بەلاواز لەقەڵەم دراوە. خودی ئەم جۆرە لەقەڵەم دانەش چارەسەرێکی نابابەتی و نازانستیە بۆ راستی قەیرانی خوێنەری سیاسی و پەردەپۆشی ماهیەتی گرفتەکانە، کە هەرئەمەش بۆتەهۆی مانەوەی تەواوی کێشەکان بەشێوەی هەڵپەسێردراوی و دوور لە چارەسەر، گرفتەکەش وا دەخوازێت ئاوڕێک بەگۆشەنیگای سەیرکردنی ئالیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکان بخشێنرێتەوە بەشێوەیەک کە بێت بەهەوێنی چارەسەرێکی ریشەیی بۆ تەواوی قەیرانەکان بە قەیرانی خوێنەری سیاسیشەوە.

**botandargala@yahoo.com**